ئەردۆگان : نەتەنیاهۆ هەوڵی ڕاکێشانی ناوچەکە بۆ ناو کارەسات دەدات

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆك کۆماری تورکیا بە توندی سەرکۆنەی هێرشەکەی ئیسرائیلی بۆ سەر ئێرانکردو ڕایگەیاند، هێرشەکەی ئیسرائیل دەستدرێژییەکی ڕوونە و پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە و دەبێت ڕێگری لێ بکرێت.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ئەمڕۆ هەینی لە ڕاگەیەندراوێکدا لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە پلاتفۆڕمی "X" بڵاویکردەوە، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێرانی دراوسێیان، دەستدرێرێژییەکی ئاشکرایە کە یاسا نێودەوڵەتییەکان پشتگوێ دەخات.

ئاماژەی بەوەشکرد، هێرشەکانی بنیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و "تۆڕە تاوانکارییەکانی"، ئاگر لە ناوچەکە و هەمو جیهان بەردەدەن و دەبێت ڕێگریان لێبکرێت و وڵاتەکەی لە نزیکەوە چاودێری پێشهاتەکانی ناوچەکە دەکات.

سەرۆکی تورکیا باسی لەوەشکرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت کۆتایی بە هەڵسوکەوتی "باندەکانی ئیسرائیل" بهێنێت کە سەقامگیری جیهانی و ناوچەیی دەکاتە ئامانج و حکومەتەکەی نەتەنیاهۆ، هەوڵدەدات کارەسات لە ناوچەکە دروستبکات.